شەپۆلێکی سەرما و بەفربارین بە ناوچە شاخاوییەکان و سەنتەری دهۆک و سلێمانی بەدەوێت

بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بووماڵەرزەزانی هەرێمی کوردستان کەشی پێشبینیکراوی 48 کاتژمێری داهاتوو بڵاوکردەوە.

ئەمڕۆ چوارشەممە بەشێوەیەکی گشتی کەش و ئاسمان سامان و پڕ هەور دەبێت، لێکاتێکانی ئێوارەدا دەگەڕێت بە نیمچە هەور، هەروەها پلەکانی گەرما کەمێک بەرز دەبێتەوە بەراورد بە تەمارکراوەکانی دوێنێ سێشەممە.

بە سبەی پێنجشەممە 13ی شوباتی 2025، ئاسمان بەگشتی نیمچە هەور دەبێت، لێکاتێکانی دوای نیوەڕۆ دەگەڕێت بە هەوری تەواو لێئەنجامی هاتنی شەپۆلێکی بەفر و باران لەسەر ناوچەکەمان، بارانبارین بەشێوەی نمە بارانی پچڕ پچڕ دەست پێ دەکات، لێکاتێکانی ئێوارەدا کاریگەری ئەم شەپۆڵە زیاد دەکات و بارانی مام ناوەند دەبارێت، هەروەها بەفر بارین لەسەر ناوچە شاخاوییە بەرزەکان و سنوورییەکان دەبارێت وە ئەو ناوچانەی بەرزاییان لە (1000)م زیاتر بێت ئەگەری بەفر بارینی هەیە، سەنتەری پارێزگای سلێمانی و سەنتەری پارێزگای دهۆک ئەگەری بەفری هەیە بە تەکەی لەگەڵ باران.